عامری: دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکووک واتا ناکرێت

هادی عامری دەڵێت، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجامێکی کەرکووك بەو مانایە دێت کە لە داهاتوودا ئەو پرسەیە لە شارەکەدا ئەنجام نادرێت.

هادی عامری، سەرکی هاوپەیمانی فەتح، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە ساڵی 2005ەوە تا ئێستا هیچ هەڵبژاردنێك بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك ئەنجام نەدراوە، "بۆیە هیوادارین هەڵبژاردنی ئەم جارە بکرێت لە پێناو بنیاتنانی پارێزگاکە".

دواخستنی هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، وەکو ئەوەی سەرکی هاوپەیمانی فەتح دەڵێت، "بەو مانایەیە کە لە داهاتوودا هەڵبژاردن لە کەرکووك ئەنجام نادرێت".

بە وتەی هادی عامری، "کەرکووك شاری پێکەوەژیانە و هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەرفەتێکە بۆ خەڵکی کەرکووك کە چییان دەوێت هەڵیبژێرن".